# دۆزەخ

سلێمان گەلالی

**کارەکتەرەکان:**

کەسی یەکەم: خاوەنی جلوبەرگی خۆڵەمێشی.

کەسی دووەم: خاوەنی جلی سپی.

کەسی سێیەم: خاوەنی جلی ڕەش.

حەماڵ: پیاوێکی ڕەنجدەرە.

منداڵ.

قوتابی.

«سەر تەختەی شانۆ بریتییە لە چەند بەرزاییەکی جۆراوجۆر کە لەسەر شێوازی بازنەیی لە ناوەڕاست و دوو لاکەی تر لاکێشەییە بە ڕەنگی بۆر، خۆڵ. لە ناوەڕاستی دواوە کالوسێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی و دوو لاکەی تر سپی و ڕەش دەبن، هەروەها لەلای پێشەوەی لاکانی شانۆ پەردەیەک بە ڕەنگی ئاگر شۆڕ بووەتەوە. مۆسیقایەکی بەهێز لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەگۆڕێت. ڕووناکی بە شێوەی (پەڵە پەڵە) لەسەر پەردە و دوو کالوسەکەی دواوە دادەگیرسێت و دەکوژێتەوە، لەگەڵ دەنگی موزیک لە شوێنێک قاچ و لەوەی تر دەست و لەوەی تر سەر لە پەنای پەردە و کالوسەکان دەردەچن و بە چەند جووڵەیەک گوزارشت لە سەرهەڵدان و لە دایکبوون دەکەن. سەرەتا تەنیا تەنیا دەردەکەون، دواتر هەر پێنجیان بەیەکەوە دەردەکەون. سەر لە ناوەڕاست و دەستەکان لە پشت کالوسەکانی دواوە، قاچەکانیش لە پەردەکانی پێشەوە. لەگەڵ دەنگی موزیک دەنگی ئافرەتێک دەبیستین و ڕووناکی تەنیا لەسەر کالوسی ناوەڕاست دەمێنێتەوە، بە ئازارێکی زۆر و دەرکەوتنی لەسەرخۆ یەکەم کەس کە خاوەنی جلی خۆڵەمێشییە بە هەڵزڕاندنی کالوسی ناوەڕاست لەدایک دەبێت. کالوسەکانی تەنیشت ڕووناکی لە دواوە لێدەدرێن و ئەوانیش ژانی لە دایکبوون دەنوێنن وەک سێبەرێک دەردەکەون. دواتر یەکەم کەس بە غلۆربوونەوە دەکەوێتە ناوەڕاستی شانۆ و ئەوانی تریش بۆ لاکانی شانۆ، لەگەڵ سکەخشێ و گاگۆڵەی یەکەم، دووەم، سێیەم کەس بە هەمان شێوە تا دەکەونە سەرپێ.



بەسەر بەرزاییەکە دەکەوێت، بەشێوەیەکی مەلوول ڕێ دەکات تا لە پەردەی ناوەڕاست نزیک دەبێتەوە، کەسی سپیپۆش و ڕەشپۆش هەڵدەستنەوە سەر پێ.

موزیک لە گۆڕاندایە، ڕووناکی کزە»

**کەسی ١:** ئای لەو نەگبەتییەی، ئێمە بە ویستی خۆمان نەهاتینە ئەم دنیایە (دووەم و سێیەم کەس هەمان ڕستە دەڵێنەوە).

**سپیپۆش:** بەڵام ئاواتی دایک و باوکمان هێنایە دی و دڵی ئەوانمان خۆش کرد.

**ڕەشپۆش:** ئەی ئەوان بیریان لە ناخۆشییەکانی دنیا نەکردەوە، کە تووشی ئەوان و ئێمەش دەبێت.

**کەسی ١:** نەخێر ماوەی بیرکردنەوەیان نەبوو، غەریزەی ئینسانی ڕێی بیرکردنەوەی گرتبوون، دوای هەوەسی خۆیان کەوتن.

**سپیپۆش:** نەگبەتییەکە لێرەوە دەست پێدەکات، کاتێک ئەوان مان و نەمانی خۆیان بەدەست خۆیان نییە، چۆن ئێمەیان هێنایە بوون.

**کەسی ١:** دایک و باوکمان بە بوونی ئێمە بوونی خۆیان سەلماند، خەمی پێگەیاندن و گەورەکردنی ئێمەیان گرتە ئەستۆ.

**سپیپۆش:** خەمی پێگەیاندنی ئێمە، خەمە سەرەتاییەکانی ئەوان بوو.

**ڕەشپۆش:** بۆ ئەوەی لە نێو کۆمەڵگادا لە بنیادنانی داهاتوو ڕۆڵی خۆیان ببینن، ئەرکی پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ کەوتە ئەستۆی ئەوان.

**کەسی ١:** نەوەی نوێ... نەوەی کۆن... ئەو نەوانە چییان بۆ خۆشگوزەرانی و بنیادنانیکی دروست بۆ کۆمەڵگا کردووە.

**سپیپۆش:** هەموو هەوڵ و کۆششێکیان خستووەتە گەڕ، بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و دەستیان بۆ هەموو کارێکی چاک بردووە، ئاقڵانە بیریان کردووەتەوەو کاریان کردووە.

**ڕەشپۆش:** ئەی ئێمە دەبێ چی بکەین؟

**کەسی ١:** ئێمە چی بکەین؟ دەبێ هەوڵ بدەین بوونی خۆمان بسەلمێنین، کارێک بکەین هەم خۆمان و هەم نەوەی دوای خۆشمان سوودی لێ ببینن.

**ڕەشپۆش:** بەڵام من تاکە کەسم کە دەتوانم نەمریتان بۆ دابین بکەم. ئەگەر مرۆڤەکان پابەندی ئامۆژگارییەکانی من بن، ئەوە خۆشبەخت دەبن.

**سپیپۆش:** نەخێر، من خۆشبەختی دێنم، مرۆڤەکان ئاسوودە دەکەم، بە ئامۆژگارییەکانم ڕێی ڕاستیی ژیان دەدۆزنەوە و سەرلێشێواو نابن

**کەسی ١:** ناخم شتێکم پێ دەڵێ و ئەقڵم شتێکی دی، خەریکە وڕێنە دەکەم، ئەگەر ڕێگای ڕاستی نەدۆزمەوە، سەرگەردان دەبم.

**ڕەشپۆش:** گەورەم ڕێگای سووک و ئاسان هەیە بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانت.

**کەسی ١:** ئەو ڕێگا ئاسانە چییە با بیگرمە بەر؟

**ڕەشپۆش:** بەدوای هەوەسەکانی خۆت بکەوە و ئارەزووەکانت بەدی بێنە، ئەوسا جیهان دەبێتە بەهەشتێکی بێ وێنە و بەخۆشی ژیان بەسەر دەبەیت.

**سپیپۆش:** نەخێر.. نا..نا وا نەکەیت گەورەم، ئەو خەریکە لە خشتەت دەبات، ئەو خۆشییانەی ئەو باسیان دەکات کاتین و ڕەنگە کارەساتی مرۆییان لێ بکەوێتەوە، دەبێ بە ئەقڵ ڕەفتار بکەین، ئەگینا هەوەسەکانمان بەرەو هەڵدێرمان دەبەن.

**ڕەشپۆش:** کەواتە با من و تۆ گرەو لەسەر ئەوە بکەین کە مرۆڤ لایەنگری من، یان تۆ دەبن.

**سپیپۆش:** باشە با کاربکەین، با بزانین کاممان سەرکەوتوو دەبین.

(هەریەکە لە شوێنی خۆی دەوەستێ، لەو کاتەدا حەماڵ دێتە ژوورێ، کۆمەڵێ کەلوپەلی هەڵگرتووە و شەبقەیەکی لەسەرە، جلوبەرگی کۆنە و زۆر هیلاک و ماندوو دیارە، لە بەر خۆیەوە وڕێنە دەکات).

**حەماڵ:** توخوا بەمەش دەڵێن ژیان، لەگەڵ گەردی بەیانی لە ماڵ دێمە دەرەوە و حەماڵی دەکەم، بەڵکو ئەوە خوایە ڕزق و ڕۆزی بۆ منداڵەکانم پەیدا بکەم، کەچی ئەوەندەم بە دەست ناکەوێت تێر بەسکی خۆمان بخۆین، ژیان ئەوەندە سەخت بووە پیاو دەرەقەت نایەت، توخوا ئەمە ژیانە؟ لەلایەکی دیشەوە دایکی منداڵەکانم هەر پرتە و بۆڵەیەتی (لاسایی ژنەکەی دەکاتەوە) ماڵی پوورە قەدری ئەمڕۆ کاوڕێکیان سەربڕی، هەر گۆشتی مەڕ و ماڵات دەخۆن، بۆیە وا سوور و سپین، ماڵی باجی خەجێش چوون دوو سندوق مریشکی زیندوویان لە پەلەورگە هێناو چاکیان کردو لە بەستەکیان دانا، کوڕەکەی مامۆستا یوونس دوێنێ تازەترین ئۆتۆمۆبیلی کڕی، ئێمەش با هەر چاومان لە دەستی تۆ بێت، بەخوا هیچمان پێ ناکرێت، هەر دەبێت چاومان لەدەستی خەڵک بێت.

(دەگەڕێتەوە سەر دەنگی خۆی) ئەوجا من چی بکەم

دریغـــیم کـــردووه؟ نەوەڵڵا، منیش دەزانم منداڵەکـــان جلوبەرگیان لەبەر نەماوە، مامۆستای کچە بچووکەکەشم داوای جلوبەرگی تازەی لێ کـــردووە، گـــوایە ڕەنگی (جلوبەرگی) قـوتابخـانەکـەیان گـۆڕاوە، دەبێت قـاتێ جلوبەرگی تازەی بۆ بکرم، ئای... من چی بکەم، هەرچی دەکەم دەرەقەت نایەم، ئەو ژیانەم لێ بووەتە دۆزەخ. (لەو کـاتەدا ڕەشـپـۆش لێی نزیک دەبێـتـەوە و بەگـوێیـدای دەچرپێنێ)..

**ڕەشپۆش:** ئەگەر وایە برۆ لە ژنەکەت جودا بەرەوە.

حـەمـاڵ : وەڵڵا خۆ بیـرۆکـەیەکی خـراپ نییـە، هەرچی زووە لەو ژنە زۆر بڵێیەم جودا ببمـەوە، هەمـوو شـتێک چاک دەبێت، هەمـووی لە بن سـەری ئەوە، (سـپـیـپـۆش بۆلای خۆی ڕایدەکێشێ).

**سپیپۆش:** نا...نا، نەکەی بیر لە شتی وا بکەیتەوە، ئەو شتە خراپە چی بوو بە مێشتکدا هات، چاکتر وایە خۆڕاگر بیت و هەوڵ بدەی منداڵەکانت بە چاکترین شێوە پەروەردە بکەیت و لەناو خـــەڵکدا ســـەربەرز بژیت، هەژاری، عەیب نییە.

**حەماڵ:** منیش دەڵێم عـەیب نییە، ئەی من چی بکەم؟ هیچ چارەیەکم نیـیــە، چۆن بتـوانم دڵی منداڵەکـان و دایکیان ڕازی بکەم، تا تۆزێ ژیانم خۆشتر بێت.

**ڕەشپۆش:** من بیرۆیەکەیەکی ترم هەیە، با منداڵەکانت واز لە خوێندن بێنن و ئیشـوکـارێک بکەن، با ئەوانیش پارە پەیدا بکەن، تا ژیانتـان خـۆش بێت، تۆش ئاسـوودە دەبێت.

**حەماڵ:** ڕاست دەکەی ڕەشۆ، ئەوەش بیرۆکەیەکی چاکە (دەیەوێت بۆ لای بچێت، سپیپۆش ڕێی لێ دەگرێت).

**سپیپۆش:** نا.. نا.. نەکەی ئەوە کارێکی باش نییە، نەکەی منداڵەکان لە خوێندن بکەیت، دواتر نەفرەتت لێ دەکەن. دەتوانی بە قسەی خۆش تێیان بگەیەنیت کە تۆ ئەوەی دەتوانیت بۆیان دەکـــەیت. ژیانی هەژاریش هەر تەواو دەبێت، نەکـەی منداڵەکـان لە خـوێندن بکەیت، ئەگینا دواڕۆژ نەفرەتت لێدەکەن.

**حـەمـاڵ:** بە بێزارییـەوە نەفرەت لەو ژیانە، دەبێ هەوڵ بدەم بە قسەی خۆش منداڵەکان و ژنەکەم ڕازی بکەم، تا بەوە ڕازی بن کە هەیە.. ئا.. ئا ڕازییان دەکەم، ئەو کات ژیانمان خۆش دەبێت و چاو لە دەستی کـەس نابین، بەو جـۆرە ژیانمان لێ دەبێـتــە بەهەشت. (دەیەوێت بڕوات، سـپـیـپـۆش ڕێی لێ دەگـرێت و قـسـەی لەگـەڵ دەکـات، ڕەشـپـۆشیش بە چوار دەوریدا دەخولێتـەوە بۆ ئەوەی لە خشتەی ببات).

**سـپـیـپـۆش:** ئازیزم هەر کـەسـێک لەم ژیانە بەش و بەختێکی هەیە، هەر کەسێک باوەڕی بە خۆی هەبێت و بەوە ڕازی بێت کـە لە ژیان بەدەسـتـی دێنێت، ئەوە بێ گومان خۆشبەخت دەبێت، نابێت ئێمە گلەیی لە بەختی خۆمـان بکەین، ئەوەی قـەدەر بۆی دەستنیشـان کـردووین هەر ئەوەمان بە قسمەت دەبێت، بەڵام دەبێت لە هەوڵدان بەردەوام بین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان.

**ڕەشـپـۆش:** با بچـێت دزی بکات، هەر بە دزی پیـاو دەگاتە ئامانجی خۆی و دەوڵەمەند دەبێت.

**حـەمـاڵ:** (سـەر دەلەقـێنێت و ناڕازیـیـە) من... دزی بکەم، بەخـوا برا پیـاوت دیتـەوە، من و دزی کـوجـا مەرحەبا.

(دەیەوێت بڕوات)

**ڕەشپۆش:** بۆ کوێ دەچی؟

**حەماڵ:** بۆ دۆزەخ...(دەڕوات).

**ڕەشپۆش:** ئەوەیانم پێ خۆشە.

**کەسی ١:** هاهاها، دەزانم ئەوەت پێ خۆشە کە هەمـوو کـەس بچێت بۆ دۆزەخ، تۆش قاقا پێبکەنیت، تۆ قـەت ڕێگای ڕاست نیشـانی خـەڵک نادەیت، هەی بە نەفـرەت بیت.

**ڕەشپۆش:** (بە مەکر و نازەوە) من چاکەی هەموو کەسم دەوێت، کـەچی ئەوان بە قـســەم ناکـەن و نەفـرەتم لێ دەکەن، تەنانەت ئەوانەی بە قسەشم دەکەن پاش ئەوەی دەستی خۆیان دەبینن و دەوڵەمـەند دەبن هەر نەفـرەتم لێ دەکەن.

(حەماڵ بە هەڵەداوان دەگەڕێتەوە).

**حـەمـاڵ:** ئەها مـن بیـرۆکـەیەکی باشم بۆ هاتووە، بزانم ئێوە چی دەڵێن؟

(ڕەشپۆش لێی نزیک دەبێتەوە).

**ڕەشپۆش:** ئا دەی بزانم ئەو بیرۆکەیەت چییە؟

**حەماڵ:** من کچێکی چواردە پازدە ساڵانم هەیە، دەڵێم بیدەم بە شوو، پیاوێکی دەوڵەمەند بدۆزمەوە و بیدەمە ئەو، بەڵکو ئەوە خوایە بەسایەی کچـەکەم ژیانمان خۆش بێت.

**ڕەشپۆش:** بیرۆکەیەکی زۆر باشە، جێبەجێی بکە.

**سـپـیـپـۆش:** دیسـان بە هەڵەدا چووی ئازیزم، پیـاو چۆن دەبێت منداڵەکـانی خـۆی بکاتە قـوربانی، دواتر کێ دەڵێت ئەو کچە بەو تەمەنە منداڵییەوە بەو پیاوە ڕازی دەبێت، نابێت غـــەدر لە منداڵەکـــانت بکەیت، ئەو

تەمەنەی ئەو کەی تەمەنی شووکردنە، تۆزێک بیر بکەوە، تۆ دەتەوێت خۆت ڕزگار بکەیت و کچەکەت بخەیتە دۆزەخ.

**حەماڵ:** (بە مەلوولی تۆزێک بیر دەکاتەوە) کەواتە ئەوەشمان فت. (دەردەچێت)

**ڕەشپۆش:** (ڕوو لە سپیپۆش دەکات) بۆچی تۆ لێناگەڕێیت پیاو کارێک بکات دڵی پێی خۆش بێت.

**سپیپۆش:** من حەز دەکەم هەموو کەسێک دڵی خۆش بێت، بەڵام نەک لەسەر حسابی ئەوانی تر.

**کەسی ١:** ململانێی نێوانتان گەرمە، منیش چاوەڕوانی ئەوەم بزانم کامتان سەردەکەون، هەرچەندە دڵنیا نیم مرۆڤەکان بۆ خۆشبەختی کامە ڕێگا هەڵدەبژێرن، بەڵام لەوە دڵنیام کە من گوێ لە دەنگی ئەقڵ دەگرم و هەوڵی خۆ دۆزینەوەی خۆم دەدەم.

**ڕەشپۆش:** کەواتە با چاوەڕوانی کات بکەین، بزانین چیمان دێنێتە پێش.

**سپیپۆش:** بەڵام دەبێت لە هەر چرکەیەک سوود وەربگرین، چونکە کات دەڕوات و ناگەڕێتەوە.

**کەسی ١:** کات و تەمەن گەڕانەوەیان نییە، بۆیە دەبێت مرۆڤ هەموو کاتی تەمەنی بۆ کاری بە سوود بەکاربهێنێت و هەل لە دەست خۆی نەدات. هەوڵی ڕووناک کردنەوەی ڕێگای خۆی و ئەوانی تریش بدات، بۆ ئەوەی مێژوو نەفرەتی لێ نەکات. هەموو قۆناغەکانی ژیان بەنرخن، نابێت لە دەستیان بدەین.

(لەو دەمەدا منداڵێک دێتە سەر شانۆ، تۆپێکی دڕاوی بە دەستەوەیە و جلوبەرگێکی هەژارانەی لەبەرە، بە خەمناکییەوە سەیری تۆپەکەی دەستی دەکات).

**منداڵ:** زۆرم حەزم دەکرد کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند بوومایە، هەرچیم حەز لێ بووایە باوکم بۆی دابین بکردمایە، ئەوها خەمم لە تۆپە دڕاوکە و جلوبەرگە شڕەکەم نەدەخوارد. دەڵێم باوکە بمبە بۆ شاری یاری، دەڵێت ئاخر کوڕم شاری یاری پارەی دەوێت، منیش ئەو پارەیەم نییە، کاتێک سەیری هاوڕێکانم دەکەم لە ژیانێکی خۆشدا دەژین ئیرەییان پێ دەبەم.

**ڕەشپۆش:** هیچ خەم مەخۆ کوڕی خۆم، من ڕێگایەکی وات نیشان دەدەم کە بتوانی هەرچیت دەوێت بۆ خۆت بیکڕیت.

**منداڵ:** چۆن؟ ئەو ڕێگایە چییە؟

**ڕەشپۆش:** کە چوویتەوە ماڵەوە چاودێری باوکت بکە بزانە پارەی گیرفانی لە کوێ دادەنێت، بە سووک و ئاسانی لێ ببە و بڕۆ بۆ بازاڕ، حەزت لە چی بوو بۆ خۆت بیکڕە.

منداڵ: ئاخر چۆن دەبێت من پارەی باوکم بدزم؟.

**ڕەشپۆش:** ئەوە دزی نییە پارەی باوکتە، خۆ هی خەڵکی تر نییە.

**منداڵ:** نا...نا واناکەم، ئەگەر باوکم پارەی هەبێت هەرچیم بوێ بۆم دەکڕێت.

**سپیپۆش:** ئافەرم، کوڕی زیرەک وا دەبێت، خەم مەخۆ بڕۆ تۆپەکەت پڕ کە لە پەڕۆی کۆن و بیدوورەوە، ئینجا یاری پێ بکە. کوڕی خۆم یاری هەر یارییە، جا بە تۆپی ئاسایی بێت، یان تۆپی پەڕۆیین، ئەوەش باش بزانە ژیان خۆی یارییەکی گەورەیە و دۆڕان و بردنەوەی تێدا نییە، گرنگ بەردەوام بوونە لەو ژیانە تا بتوانیت سوود بگەیەنیت و بوونی خۆت بسەلمێنیت.

(دەنگێک لە دەرەوە:

ژیان بۆ خۆی یارییەکی گەورەیە (چەند بارە دەبێتەوە).

ژیان بۆ خۆی یارییەکی گەورەیە.

ژیان بۆ خۆی یارییەکی گەورەیە.)

**منداڵ:** زۆر سپاس بۆ ئەو ئامۆژگارییە.

(لەگەڵ سپیپۆشیەتی، ئینجا مۆڕەیەک لە ڕەشپۆش دەکات و دەردەچێت).

(پاش دەرچوونی منداڵەکە ڕەشپۆش نیگەران دەبێت، بە خەمبارییەوە)

**ڕەشپۆش:** ئای.. ئای خۆ ئەو منداڵە بە هیچ شتێک ڕازی نییە، سەرەڕای ئەوەی ئامۆژگاری دەکەم، هێشتا مۆڕەم لێ دەکات، نابێ چیتر ئامۆژگاری خەڵک بکەم.

(دەیەوێت بڕوات).

**یەکەم کەس:** وەرە بۆ کوێ دەچیت... ناهەقی مەگرە ئەگەر بە قسەی تۆ سەغڵەت بێت، چونکە ڕێگای ڕاستت نیشان نەدا.

**ڕەشپۆش:** من ویستم دڵخۆشی کەم و لەم ژیانە دۆزەخ ئاسایە ڕزگاری بکەم، کەچی ئەو گاڵتەی بە قسەکانم دێت.

(دەردەچێت)

**سپیپۆش:** (لەگەڵ یەکەم کەس دەدوێت) بەڕێزم خۆت سەغڵەت مەکە.. ئەو هەروایە.. ئەگەر یەکێک بە قسەی نەکات هەڵدەچێت و زۆری پێ ناخۆش دەبێت.

**یەکەم کەس:** ڕاست دەکەی... ئەو خەسڵەتی وایە، کەچی من بەبێ ئەو ناتەواوم، لایەنێک لە کەسایەتیم کەم دەبێتەوە، بۆیە پێویستە هەم تۆ و هەم ئەویش لای

من بوونتان هەبێت. مرۆڤ وا دروست کراوە کە هەردوو لایەنی تێدایە، جا مرۆڤ دەکەوێتە سەر خۆی کە کامە لایەن دەسەڵاتی زیاتر بە سەردا بشکێت و کۆنترۆڵی بکات.

**سپیپۆش:** بەڵام یەکێکی وەک من کە هەردەم بەلای چاکە و کردەوەی چاکدا خۆم دەبینمەوە، بۆیە پێویستە مرۆڤ زیاتر لایەنی من بگرێت نەک ئەو.

**یەکەم کەس:** ئەوەشیان دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی گەشەسەندن و گەورەبوونی تاکەکان، لەژێر کاریگەری پەروەردەی خێزان و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت.

**سپیپۆش:** بەڵام ئەقڵ لە هەموو دەور و زەمانێک ڕۆڵی خۆی هەیە، ئەگەر ژیرانە بیربکەینەوە، ئەوە ڕێگای ڕاست بە ئاسانی دەدۆزینەوە.

**کەسی یەک:** ڕاستی ون نابێت، ئەگەر خۆمان ونی نەکەین.

(دەنگی سێیەم کەس لەدەرەوە دێت)

**ڕەشپۆش:** (لە ڕۆڵی ئافرەتێک دێتەوە سەر شانۆ)

ئەوە چییە هەموو کارەساتێک کە لە ژیاندا ڕوو دەدات بەسەر مندا دەشکێتەوە، ئێ من چی بکەم (دێتە سەر تەختەی شانۆ) کە ئافرەتم، بۆچی دەبێ بەرگەی قورسیی ژیان بگرم و جێی چاوی خەڵکم لەسەر بێ، بۆچی دەبێ من ئازاری بوونێکی تر بچێژم و ئەرکی قورسی ژیان لە ئەستۆی مندا بێت، هەر لەبەر ئەوەی کە ئافرەتم، بۆیە بەردەوام پەنجەی تاوان بۆ من درێژ دەکرێت و دەکەومە بەر لۆمەی ئەوانی دی.

**یەکەم کەس:** ئەی بۆچی باسی پیاو ناکەیت، کە چ بارگرانییەک دەکەوێتە ئەستۆی، پێکهێنانی خێزان و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و بژێوی، خەرجییە جۆراوجۆرەکانی دی، نەگبەتییەکانی ژیان هەمووی ڕووبەڕووی پیاو دەبنەوە، نەک ئافرەت. پیاو جەنگ دەکات، بنیاد دەنێت، دەڕووخێنێت، تێدەکۆشێ، شۆڕش دەکات، چەندان ئیشی تریش دەکات.

**ڕەشپۆش:** بەڵام هەر پیاویشە ئافرەت دەچەوسێنێتەوە و توندوتیژی بەرانبەر دەکات، هەندێ جاریش بکوژانی ئافرەت هەر پیاون، یان هۆکاری خۆلەناوبردنی ئافرەتان پیاون.

**ڕەشپۆش:** بەڵام دەبێ مافی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە پێشێل نەکرێت و حسێبی کۆیلەی بۆ نەکرێت، چونکە ئەویش خاوەن هەست و کەسایەتی خۆیەتی.

**یەکەم کەس:** من وای بۆ دەچم کە ئافرەت و پیاو لە هەموو نەهامەتی و گیروگرفتەکانی ژیان هاوبەش بن. پێویستە هەردوولا هەوڵ و کۆششی ئەوە بدەن کە ژیان جوانتر بکەن و ئاسوودەیی بۆ ژیان بگێڕنەوە، نەک هەریەک ئەوی دی تاوانبار بکات، بەم جۆرە ژیان ناچێتە سەر.

**یەکەم کەس:** من کەوتوومەتە نێوان دوو بەرداش، یەکێکیان بۆ لای ڕاست ڕامدەکێشێ و یەکێکیش بۆ لای چەپ.

**سپیپۆش:** گەر بەلای مندا بشکێتەوە، ئەوە هاوسەنگ دەبێت و هیچ شتێک گۆمی ژیانت شێلو ناکات.

**ڕەشپۆش:** (ئەو پارچە قوماشانە فڕێ دەدات کە لە ڕۆڵی ئافرەتەکە پۆشیبوونی، دەگەڕێتەوە سەر سێیەم کەس).

بەڵکو دەبێت بەلای مندا بشکێتەوە، چونکە ڕێگای خۆشگوزەرانی لەلای منە، نەک لای تۆ.

**سپیپۆش:** وەرە بۆ لای من و بە قسەی من بکە.

**ڕەشپۆش:** وەرە بۆ لای من و بە قسەی من بکە.

**یەکەم کەس:** لە نێوان هەردووکیانە و هەر جارێک بۆ لایەک لار دەبێتەوە و تا هاوسەنگ دەبێت و بەڕێکی دەوەستێ، ئەوان بەردەوامن لە (بۆ لای من)، ئینجا دووەم و سێیەم کەس بەرەو پێشەوەی شانۆ هەنگاو دەنێن، دوو فایل هەڵدەگرن کە کۆمەڵێک پەڕە کاغەزیان تێدایە و هەریەک لای خۆیەوە بەسەر ئامادەبووانداً دابەشیان دەکات، کە بە خەیاڵ لەسەر شانۆ دەیانبینین، هەر لاپەڕەیەک وتەیەکی تێدایە، لەکاتی دابەشکردنیاندا لای دووەم و سێیەم کەس دەخوێنرێنەوە.

**سپیپۆش:** ڕاستگۆ بە لەگەڵ خۆت، ئەوانی دی.

**ڕەشپۆش:** درۆ بکە درۆ بکە تاپێت بڕوا دەکەن.

**سپیپۆش:** متمانەت بە خۆت هەبێت، دەبیتە جێی متمانەی خەڵک.

**ڕەشپۆش:** بە فرتوفێڵ ئامانجەکانت بە دی بێنە.

**سپیپۆش:**لەکار کردنت دڵسۆزبە.

**ڕەشپۆش:** پیلان بۆ خەڵکانی تر دابنێ و سەرەو ژێریان بکە.

**سپیپۆش:** خەڵکانی ترت خۆش بوێت، وەک چۆن خۆت خۆش دەوێت.

**ڕەشپۆش:** لە هەموو شتێک بە گومان بە.

**سپیپۆش:** هەوڵی خۆدۆزینەوەی خۆت بدە.

**ڕەشپۆش:** خەڵکانی دی بکە بە پردی پەڕینەوەت.

دوای تەواو بوون لە دابەشکردنی لاپەڕەکان دەچنە ئەم لاو ئەولای یەکەم کەس، کە لە ناوەڕاستی شانۆ چۆکی داداوە.

**یەکەم کەس:** (دۆش داماوە) هاوڕێیان لە دەرخستنی نیاز و ڕازەکانیان تەواو بوون، کە ئەمە هەڵوێستی دوولایەنی جیاوازن.

**سپیپۆش:** ئەوەی من باوەڕم پێیەتی هەر ئەوە دەکەم.

**ڕەشپۆش:** منیش ئەوە دەکەم کە باوەڕم پێیەتی.

**یەکەم کەس:** کەواتە هەردوو لا خۆتان بەڕاست دەزانن، بەڵام بابزانین کێ ڕاستەو کێ هەڵەیە.

**ڕەشپۆش:** جا ئەوە چۆن بزانین؟

**سپیپۆش:** هەموو کەس دەزانێ کە من ڕاستم و تۆ هەڵەی.

**ڕەشپۆش:** نەخێر تۆ هەڵەی.

**سپیپۆش:** نەخێر تۆ هەڵەی.

(چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە، تا یەکەم کەس هاواری لێ هەڵدەستێت)

**یەکەم کەس:** بەس... بەس، ئەو ململانێیەی ئێوە کە لە ناخی کەسەکاندا دەژیت، ژیانیان کردووەتە دۆزەخ.

**حەماڵ:** (دێتە سەر شانۆ دڵی خۆشەو گۆرانی دەڵێت) ئەو کارەم زۆر باشە پارەیەکی باشم دەست دەکەوێت و دڵی خێزانەکەم خۆش دەکات.

**ڕەشپۆش:** ها.. دیسان چی بووە، وا لەبەر خۆتەوە دەدوێیت؟

**حەماڵ:** ئەمڕۆ دڵم زۆر خۆشە، منداڵەکانم لە قوتابخانە دەرچوون، منیش شیرینیم بۆیان کڕی.

**سپیپۆش:** زۆر چاکت کرد، ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت دەبێ خەڵات بکرێت.

**حەماڵ:** تۆ دەزانیت دوێنێ خێزانەکەم سەردانی هەندێ خزمانی کردبوو، دەیوت پیاوەکە ئەو فەقیرانە نانیان نییە بیخۆن، کەسیشیان نییە کارێکیان بۆ بکات، ئێمە زۆر لەوان باشترین.

**سپیپۆش:** ئازیزم.. ژیان بە قەناعەتەوە خۆشە، ئەگەر قەناعەت بەوە بکەیت کە دەستت دەکەوێت، ژیانت ئاسوودە دەبێت.. تۆ قەناعەتت نییە، بۆیە ژیانت لێ بووەتە دۆزەخ و ئاسوودە نیت.

**حەماڵ:** من چی بکەم، زۆر حەز دەکەم وەک خەڵکانی دی بژیم و لەگەڵ خێزانەکەم ئاسوودە بم

**ڕەشپۆش:** تۆ گوێ لە من بگرە، خەڵکانی دی چییان لەتۆ زیاترە، هەموو شتێکیان هەیە و تۆ نیتە، ئەوان بە هەوەسی خۆیان دەژین و دەخۆن و دەخۆنەوە، کەچی تۆش هەر گلەیی لە بوونی خۆت و ژیانت دەکەی.

**حەماڵ:** ئەی چی بکەم، من ڕۆژانە کار دەکەم بۆ ئەوەی منداڵەکانم چاویان لە دەستی خەڵک نەبێت، هەر ئەوەندە دەرەقەت دێم.

**سپیپۆش:** زۆر چاک دەکەیت، بەڵام دەبێت مرۆڤ بەردەوام سەیری ئەوانە بکات کە لەخۆیان نزمترن و سەیری سەرووی خۆیان نەکەن، ئەگینا ئاسوودەیی لەدەست دەدەن.

**حەماڵ:** تۆ ڕاست دەکەی، دەبێت مرۆڤ بەو بەشە ڕازی بێت کە خودا پێی داوە.

**سپیپۆش:** ئەگەر وا بیر بکەیتەوە، ئەوە ئاسوودە دەبیت و بە سەربەرزی دەژیت و سوودت بۆ خۆت و دەوروبەر دەبێت.

**ڕەشپۆش:** مرۆڤ چی لە دەوروبەر بکات ئەگەر خۆی ڕازی نەبێت بەو بەشەی دەستی دەکەوێت، دەبێ هەموو هەوڵ و کۆششت بۆ خۆت بێت و ئەوانی دی بخەرە ژێر پێت.

**یەکەم کەس:** ئیتر بەسە تۆ بێ تامت کرد «لەگەڵ سێیەمین کەسیەتی» تۆ ئەی (حەماڵ) بیر لە ژیانی خۆت و منداڵەکانت بکەرەوە، بیر لەوە بکەرەوە کە ئایا تۆ ڕێزت لەلایەن خەڵکانی دی هەیە، ئەگەر وابوو تۆ زۆر بەختەوەری.

**حەماڵ:** بەڵێ بیرم کردووەتەوە، من و خێزان و منداڵەکانم لە نێو خەڵکدا ڕێزمان هەیە و پێوەندی کۆمەڵایەتیمان پتەوە.

**یەکەم کەس:** کەواتە سەرکەوتووی.

**سپیپۆش:** بەڵێ سەرکەوتووی و خۆشەویستی دەورەبەرت بەدەست هێناوە، کە ئەوەش بەسەروەت و سامان بەدەست نایەت.

**ڕەشپۆش:** سەروەت و سامان هەموو شتێک بەدەست دێنێ.

**سپیپۆش:** نەخێر تەندروستی مرۆڤ و ڕێز و خۆشەویستی لای خەڵک بەپارە و سامان بەدەست نایەت.

**حەماڵ:** زۆر ڕاستە... کەواتە من پیاوێکی ئاسوودە و بەختەوەرم، بیرکردنەوە لەشتی مەحاڵ و نابەجێ ژیانت لێ دەکات بەدۆزەخ، زۆر سپاس بۆ ئێوە کە ئامۆژگاریتان کردم و دڵ و دەروونم ئاسوودە بوو. تۆش (لەگەڵ سێیەم کەسیەتی) هەر ڕێگای چەوت بە خەڵک نیشان بدە،

بڕوا بکە خەڵکانێکی یەکجار کەم، ئەوانەی نەفسیان نزمە، باوەڕت پێ دەکەن، خواتان لەگەڵ من ڕۆیشتم. (دەردەچێت.)

**یەکەم کەس:** خوات لەگەڵ، خۆت یەکلایی بکەرەوە و ململانێیەکانی ناخت کۆتایی پێ بێنە.

**ڕەشپۆش:** ململانێی ناخ ئەزەلییە و هەرگیز کۆتایی نایەت.

**سپیپۆش:** ئەگەر مرۆڤ بوو بە خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز، ململانێی ناخ هەرەس دێنێ.

**یەکەم کەس:** بۆ بەردەوامی ژیان بوونی ململانێ پێویستە.

(منداڵەکە دێتەوە سەر شانۆ، تۆپە دڕاوەکەی پڕکردووە لەپەڕۆی کۆن و جوان دووریوبەتەوە و یاری پێ دەکات).

**منداڵ:** هێی هێ کاکەبرا (لەگەڵ سپیپۆشیەتی) وەرە سەیرکە تۆپەکەم چاک کردەوە.

**سپیپۆش:** زۆر چاکە دەستەکانت خۆش بێ، با بەیەکەوە یاری پێ بکەین.

**منداڵ:** بەڵێ، با یاری بکەین، بەڵام ئەو ڕەزا قورسە با لەگەڵمان یاری نەکات. (لەگەڵ سێیەمین کەسیەتی).

**سپیپۆش:** باشە با یاری بکەین. (تۆپەکە بۆ یەک هەڵدەدەن و دەیگرنەوە، یەکەم کەسیش تۆپی بۆ دەچێت و بەخۆشییەوە یارییان لەگەڵ دەکات، بەڵام سێیەم کەس بە مۆڕەوە سەیریان دەکات و لێوی دەکرۆژێت).

**منداڵ:** هابیگرە.

**سپیپۆش:** گرتم، ها تۆ بیگرە (بۆ یەکەم کەس).

**یەکەم کەس:** (پێدەکەنێت) ها تۆ بیگرە.

**منداڵ:** (تۆپەکە دەگرێتەوە) چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە، بەبێ دەنگی لەولاوە قوتابی بەدەردەکەوێت کە خەریکی وانە خوێندنە.

**سپیپۆش:** با بەبێ دەنگی یاری بکەین، چونکە ئەو قوتابییە خەریکی خوێندنە.

**منداڵ:** باشە... (تۆپەکە هەڵدەدات و یەکەم کەس دەیگرێتەوە و بۆ دووەم کەسی دەهاوێت و بەم شێوەیە، بەڵام سێیەم کەس بۆ لای قوتابییەکە دەچێت و بێ دەنگییەکە دەشکێنێ).

**ڕەشپۆش:** ها چییە، ئەوە دەخوێنی؟

**قوتابی:** بەڵێ، دەخوێنم بەیانی تاقیکردنەوەم هەیە.

**ڕەشپۆش:** ئەها... باشە ئەو خوێندنە هیچ سوودی هەیە؟

**قوتابی:** ئەی چۆن خوێندن پاشەڕۆژی مرۆڤ ڕووناک دەکاتەوە و سوودی بۆ هەموو لایەک هەیە.

**ڕەشپۆش:** چ سوودێک؟

**قوتابی:** سوودی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەیە، بیری مرۆڤ ڕووناک دەکات و داهاتووی مسۆگەر دەکات.

**ڕەشپۆش:** داهاتوی چی؟ تۆ بۆ ئەمڕۆ بژی، بۆ داهاتوو بیر مەکەوە.

**قوتابی:** چۆن بیر لە داهاتوو نەکەمەوە، ژیان خۆی بریتییە لە چیرۆکێک کە سەرەتا و ئێستا و داهاتووی هەیە، ژیانی مرۆڤیش هەوڵ و کۆششی دەوێت، ئەی نەتبیستووە کە دەڵێن ئەگەر دەمانچە بە ڕابوردووەوە بنێی داهاتوو تۆپت پێوە دەنێت.

**ڕەشپۆش:** ئەها... کەواتە لەگەڵ تۆ سوودی نییە، تۆ هەر لە سەرەتاوە ڕێڕەوی ژیانی خۆت دیاری کردووە، کە هیچ شتێک کاری تێنەکات، تۆ ڕێڕەوی ژیانت پێ ناگۆڕێت.

**قوتابی:** بەڵێ وایە.. من لە سەرەتای ژیانمەوە هەوڵ بۆ داهاتوو دەدەم و ڕۆژگار کاریگەری بەسەر منەوە نییە! چونکە بە بیروباوەڕێکی پتەو کار بۆ داهاتووی خۆم و کۆمەڵگەکەم دەکەم.

«یەکەم و دووەم کەس و منداڵەکەش وازیان لەیاری کردن هێناوە و گوێیان بۆ قوتابییەکە شل کردووە، دوای تەواوبوونی چەپڵەیەکی توندی بۆ لێ دەدەن و بەیەکەوە» (دەست خۆش).

**سپیپۆش:** دەست خۆش، مرۆڤ دەبێ وەک تۆ بێت، خاوەن بڕیارێکی ڕاست بێت و ڕێڕەوێکی دیاریکراو بۆ ژیانی دەستنیشان بکات.

**کەسی ١:** بۆ ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی دەبێ خاوەن باوەڕی پتەو بین و ململانێی ناخمان یەکلا بکەینەوە، چ بۆ لای ڕاست، چ بۆ لای چەپ، مرۆڤ خۆی سەربەستە.

**سپیپۆش:** مرۆڤ خۆی سەربەستە.

**ڕەشپۆش:** مرۆڤ خۆی سەربەستە.

**کۆتایی ٢٠١٣**